# شایستەیی ئێکسسوارەکان لە جـ



هەر جۆرە ئێکسسوار و پارچەیەك لە جلوبەرگ و بەشەکانی جلی کوردی، دیمەن و ستایلێکی خۆی هەیە، کە بە هۆیەوە دەتوانین لە دابین کردنی جوانیەکی ڕەها سوودمەند بین، کە پەیوەستە بە گۆڕین و لێکجیاکردنەوەی لەگەڵ هەر مۆدە و جلێکی دیکەدا، شێوازی جلی کوردی بە هەر مۆدەیەکەوە، ئامانجێکی هەیە لە جوانی، کە بەگوێرەی ئەو ستایلەوە لەگەڵ هەر جلێکدا، دەبێ، دەتوانین بۆ هەر جلێکی کوردی، کۆمەڵێك ئێکسسوار بەکاربهێنین و لەگەڵ جلەکەدا هەڵیواسین، ئەمەش کار دەکاتە سەر ڕازاندنەوەی جلەکە، بە جۆرێك شێوازێکی تایبەتی دەبێ لە نواندنی جوانییەك کە گونجاو بێ لە نێوان جلە کوردییەکە و ئێکسسوارەکان، هەر ئێکسسوارێك لە ئێکسسوارەکانی کورد، وەك : ملوانکە – گۆبەرۆك – خلخاڵ- مێخەك-ئاشقبەند-گوارە، کە هەر یەکەیان هێمایەك لە جوانی و شێوازێك لە کارامەیی دەردەخات و دەبێتە شێوازێکی تایبەت



# مۆدەی چاویلکە گەورەکان بەپێی ستایلی ڕووخسارەکان

مۆدەی ئێکسسوار، بە چەندین شێوازی گرنگ لە ڕابردوو و داهاتوودا دەردەکەوێ، بە جۆرێك هێمایەك دەبێ بۆ ناساندنی جوانیی مۆدەکان، ئەمەش بە گوێرەی ئەو ئێکسسوارە یان ئەو جۆرە کەرەستەیە دەبێ، کە لەگەڵ جوانیی کەسەکە ڕێکدەخرێ و دیمەنێکی ڕازاوەش دەبەخشێ، لە ڕێگەی دانانی مۆدەیەکی تایبەت و شیاو، دەتوانین سوود لە ئێکسسوارەکان وەربگرین، تەنانەت چاویلکەش، ئێکسسوارێکی سەرەکییە لە جوانی و ڕازاوەیی لە مۆدەکاندا، بەمەش یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی ئێکسسوار، کە زیاتر لە وەرزی هاویندا دەردەکەوێ، بە تایبەت کاتێك تیشکی خۆر بەهێز دەبێ، هەروەها مۆدەی چاویلکە هەنگاوێکە بۆ دانانی شێوازێکی کراوە و ناسك بە جوانی ڕووخسار، بۆ مۆدەکانی ئەمساڵ، هەنگاوێکە بۆ گونجاندن و دەرخستنی جوانیی ڕووخسار، بە جۆرێك لەگەڵ هەر چاوێلکەیەکدا، جۆرە مۆدەیەکی تایبەت بەخۆیەوە دابین دەکات و ئامرازێکە بۆ نیشاندان و لێکدانەوەی ستایلێکی شیاو، چاوێلکەش شێوازێکی تازەیە لە مۆدەی ئێکسسوار، کە بە هۆیەوە دەتوانین دیمەنێکی تازە و ڕووخسارێکی ئامادەکراو لە مۆدەی چاویلکە گەورەکاندا دەردەکەوێ.







# ئێکسسوارەکانی سەر دەست و پەنجە

شێوازی ڕازاندنەوەی دەست و باسك، هەنگاوێکی گرنگە لە بواری جوانکاری کە بە گوێرەی ئەو ئێکسسوارانەوە دەبێ لە دەست یان لە قۆڵ و باسك دەخرێن، هەندێ جار دەتوانین لە دانانی ئێکسسوارێکی سادەوە، گەورەترین جوانی بەدەست بهێنین، بە تایبەت لە جوانی جەستەدا، لە کاتێکدا گرنگ نییە، تەنیا ئەو ئێکسسوارە گرانبەهایانە بێ کە لەگەڵ شێوازی تازەدا خۆی بنوێنێ، هەندێك جار، لە ئێکسسوارە سادەکانەوە، گەورەترین جوانی بەدەست دەهێنین و دەتوانین لە ڕێگەی ئەو ئێکسسوارە سادانەوە، شێوازێکی تایبەت و ڕازاوە بە دەستەکانەوە بدەین، گرنگترین لایەن لە ئێکسسواری دەست و باسك، بریتییە لە شێوەی ئێکسسوارەکە، هەروەها ڕەنگی ئەو جۆرە ئێکسسوارە گرنگییەتی ئەوتۆی هەیە، دەتوانین لەگەڵ هەر ڕەنگێکدا، شێوازێکی تایبەت لە جوانی ئەو ئێکسسوارەوە ئامادە و دەربخەین، سەبارەت بە ئێکسسوارەکانی هاوینە بۆ سەر دەست، دەتوانین دوو جۆرە ئێکسسواری لە قوماش یان شێوەی دیکەوە بپۆشین، بە تایبەت کاتێك ئەو دوو ئێکسسوارە هەر یەکە شێوە و ڕەنگێکی جیاوازی دەبێ، مەبەست لەوەش، یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەو دوو ئێکسسوارەی سەر دەست و پەنچە، دەبێ ڕەنگ و شێوەیان جیاواز بێ، تاوەکو بە جوانی و ڕازاوەیی دەربکەون.

## لی کوردی



لە هەر شوێنێکی جەستەوە بێ، هەماهەنگی لە نێوان جوانیی جل و جەستە و ئێکسسوارەکان دەردەکەوێ، یەکێك لەو ئێکسسوارەی پێویستە کە لەگەڵ جلی کوردییدا هەبێت، بریتییە لە ئێکسسواری سەر ناوقەد، کە زیاتر لە پێشەوە دادەنرێ، ئەو ئێکسسوارە جۆرە شێوەیەك لە خۆ دەگرێ لەوانە : شێوەی گوڵ-پەپوولە-نەخشێکی تایبەت، کە دیمەنێکی ناسك و رازاوەی هەیە، تەنانەت ئەو جۆرە ئێکسسوارە جوانییەك بە جلی کوردی دەبەخشێ.

## شایستەترین ماکیاژ بۆ پشت چاو

شێواز و ئامادەکاری بۆ جوانکردنی چاو، هەنگاوێکی گرنگە لە هەڵبژاردنی ماکیاژێکی تایبەت بۆ بەدیهێنانی یەکێك لە جوانترین ماکیاژی چاو، بە جۆرێك دەکرێ سوود لە ماکیاژەکانی پێشوو وەربگرین، لەگەڵ ئەوەشدا لە جوانیی ماکیاژی چاودا رێگەیەکی هەمەلایەن بگیرێتە بەر، تاوەکو ماکیاژ و رووخساری چاو، بەوپەڕی تایبەتمەندی و جوانییەوە بێ، لە رێگەی دابین کردنی ماکیاژێك کە جێگەی جوانییەکی رەها و گەورە بێ، دەتوانین ئەو جۆرە ماکیاژە بەدی بکەین، ئەویش بە چەند هەنگاو و کارێکی سادەوە ئەنجام دەدرێ. کاتێك بۆ هەڵبژاردنی رەنگی چاو، دەبێ رەنگێك بێ لەگەڵ جوانی و سەلیقەی رووخسار و رەنگی چاوەکەوە گونجاو بێ، بە تایبەت لە بۆنە و شوێنە گشتییەکان، دەتوانین رەنگی رەش، لەگەڵ تێکەڵی رەنگی برۆنزی یان رەساسی تۆخ و بە بریقە، رێگەیەکی راستەوخۆ و کاریگەر بێ بۆ بە جێگەیاندنی ماکیاژی چاو، سەرەتا دەکرێ رەنگێکی سادەی رەش، لە ژێرەوەی پشت چاوەوە بدرێ، دواتریش بە دابین کردنی رەنگێکی رەساسی بۆ سەرەوەی پشت چاو، تا جیاکاری بکات لە نێوان پێست و رەنگی برژانگ یان رەنگی پشت چاو، رەنگی پشت چاو، لە رەنگێکی رەشی بریقەدارەوە دەبێ، کە ئەوەش دەبێتە جێگەی سەرنج و جوانیبەکی بێ سنوور، واتە رەنگی برژانگ کە بە ماسکارا رەش و جوان دەکرێ، لەگەڵ رەنگی پشت چاو، هەمان رەنگە و بەمەش لەوکاتەی تێکەڵ دەبێ، لە نزیکەوە شێوازێکی جوانی شایستە دەردەکەوێت، تەنانەت لە هەڵبژاردنی رەنگێکی قاوەیی سادە، کە لە سەرەوەی رەنگە رەساسییەکە دەدرێ، ئەوەش وەك تێکەڵی و دەرخستنی زیاتری رەنگی رەساسی و بەبریقە دار کردنی رەنگی رەشی ئەساسی چاوەکەوە دەبێ، ئەو مۆدەیەش یەکێکە لە باوترین ماکیاژەکانی وەرزی هاوین.



## چۆنیەتی رازانەوەی دیکۆری ماڵ بە ئاوێنە

گرنگی دان بە ماڵ و دیکۆری ماڵ، بە کارامەیی و بیرۆکە جوانەکانی خانمانەوە وەستاوە و لەسەر ئەو خانمەیە کە بزانێ چۆن دیکۆری ماڵەکەی ئامادە دەکات، بە جۆرێك کە لەگەڵ گشت نشونما و شێوازەکانی جوانی گونجاو بێ، لەوەش گرنگتر لە دوای هەڵبژاردنی کەرەستە سەرەکییەکان، دەتوانیت کاری جوانکاری و دەستکرد بۆ دیکۆری ماڵەکەت دابین بکەیت، ئەویش تەنیا چەند بیرۆکەیەکی سادە و ساکاری دەوێت و هەر خانمێك دەتوانێت ئەو کارە بکات و سوودی لێ وەربگرێت. بوونی ئاوێنە لە ماڵدا مۆدەیەکی شایستەیە، ئەمەش وادەکات کە ئاوێنەکان بە رێژەیەکی زۆر لە ماڵدا هەبێ و لە زۆربەی ژوورەکاندا پێویستە هەبێ، لەوانە ژووری : گەرماو – سالۆن – نووستن – بالکۆنە و لەلای شوێنی دەستشۆرەوە، بەمەش وەك کەرەستەیەکی سەرەکی و گرنگ دادەنرێ، بۆیە دەتوانین لە بواری جوانکارییەوە سوودی لێوە وەربگرین کە دیمەنێکی رازاوەی هەبێ لە دیکۆری ماڵدا، وەك ئەوەی شوێنێك لە جوانی و دیکۆری ماڵ پڕ بکاتەوە و جوانییەکی ئەوتۆی هەبێ و لەگەڵ شێوازێکی گونجاو بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوێنە، زیاتر ئاوێنە سادە و بەبێ ئێکسسوار دادەنرێ، بەڵام خانمان دەتوانن لەو رێگەیە سوود لە پارچە قوماش و کاغەز وەربگرن بۆ دروست کردنی ئێکسسوار بۆ ئاوێنەکانی ماڵەوە، ئەویش بە بڕین و دروست کردنی شێوەی گوڵ یان شێوەی دیکە، لە قوماشی بچووك کە بە مەقەست دەتوانین بیبڕین ئەویش بە نووشتاندنەوەی پارچە قوماشەکە و دواتر بە شێوەی زیك زاك دەبڕین، دواتر کە پارچە قوماشەکە دەکەیتەوە شێوەی گوڵ دەردەچێ، دەتوانرێت شێوەی گوڵەکان جیاواز و بچووکتر و گەورەتر بێ، هەروەها دەتوانین ئەو گوڵانە لەگەڵ یەکتر ببەستین ئەویش بە داو و لەسەر دەوراوپشتی یان چوارچێوەی ئاوێنە بدرێ، دەبێتە مۆدەیەکی دیکە لە جوانی دیکۆری ماڵ.







# مێژووی هاتنی یەکەمین ئوتۆمبێل بۆ هەولێر

هاتنی ئوتۆمبێل بۆ کوردستان، بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە و تەنانەت سەرەتای هێنانی ئوتومبێل لەلایەن هێزی ئەڵمانەکان بووە، کە ئەوەش لە ساڵی (١٩١٥) بۆ یەکەمین جار، ئوتۆمبێل هاتۆتە هەولێر، ئەمەش بووەتە جێگەی سەرسوڕمانی ئەو شارە، بەوەی ئامێرێك هەیە خۆی دەڕوات و دەجووڵێتەوە، بەمەش مێژوویەك بۆ شاری هەولێر و کوردستان تۆمار دەکرێ، کە یەکەمین ئوتۆمبێل لەو سەردەمە کۆنەوە هاتبێتە کوردستان، لە وێنەی دووەمیشدا، دوای چەندین ساڵ کە ئوتۆمبێل هاتۆتە کوردستان و شاری هەولێر، ئەویش لە ساڵی (١٩٤٥) بووە، لەو ساڵەشدا تەنیا (٢٣) ئوتۆمبێل لە هەولێر هەبووە، یان ئەو ژمارە ئوتۆمبێلە هاتۆتە ناو شاری هەولێر، کەچی ئێستاش هەولێر نزیکەی زیاتر لە ملیونێك ئوتۆمبێلی تێدایە.



## دەوران دەورانە

**ڕەوەند بەختیار**

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناوی شوێنەکان بەپێی کات دەگۆڕێن و هەندێ جار ئەو گۆڕانکاریانە جێگای باوەڕ نین، ئەم وێنەیەی دەیبینین تەنیشت یاریگای فەرەنسۆ هەریریە لە ساڵی **١٩٦٣** لەو کات و سەردەمەدا واتە لە شەستەکان پێیان دەگوت فلکەی زەعیم، چونکە پەیکەری سەرکردە عەبدولکەریم قاسمی لێدانرابوو ئەوانەی لەو سەردەمە ژیاون و ئێستا لە ژیاندا ماون و بۆ ئەوان دەبێتە یادگاریەکی جوان، ڕەنگە ئەوەشیان لەبیر بێت کە ئەو پەیکەرە لەو سەردەمەدا بە پارەی فەرمانبەران درووستکرابوو کە هەر فەرمانبەرێك (١٠٠) فلسی ئەوکاتی دابوو بۆ دروست کردنی ئەو پەیکەرە، ئێستا ئەو شوێنە بۆتە بەرزە پردی شەهید (ئەکرەم مەنتك) تەنیشت یاریگای نێودەوڵەتیی هەولێر..



## لیفکەی خۆشوشتن

کوردەواری چەندین بیرۆکەی جوان و سەیریان هەبووە، لە دروست کردنی کەلوپەل و کەرەستەی ڕۆژانەدا، کە خەڵك پێویستی پێی بووە، چەندین کاری جوانیش کراوە کە تا وەکو ئەمڕۆش جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، یان دەکرێ ستایشی ئەو کارانەیان بکەین کە لە سەرەدەمێکی کۆندا دروست دەکران و بۆ ئەمڕۆش جێگەی سوودن، یەکێك لەو کەرەستە جوانانە کە دروست دەکرا بە کاری دەستی ئافرەتانی کورد، (لیفك)ە. لیفك زیاتر لە خوری دروست دەکرێت، کەچی کەسانێك هەبوون لە شتی دیکەیان دروست دەکرد وەك گووش و حەسیر و پەمۆ، و سەرەتا خورییەکە دەڕێسیت، دوایی لەیەکتریان جودا دەکەیتەوە، واتە دوو تۆپە خووری بادەدەیتەوە و تەشی بەرەو خۆتەوە دەخوولێنیتەوە، دوایی بە شیشکە هەر یەکە لە دوو تۆپەکە واتە خووریەکە دەخەیتە ناو یەکدی، شێوەی لیفك وەك شێوەی هێلکە وایە، سەرەتا بە دەست پێکردنی ڕێژەیەکی کەم خووری دەخەیتە پێشەوە و لە ناوەڕاستەوە گەورە دەبێت، تا ئەو شێوەی دەردەچێ، لیفك لە خوری و پەمۆ و گووش دروست دەکرێ، هەر یەکە بەپێی خواست و ویستی خۆی دروستی دەکات، لیفك کلکێکی هەیە، کە دوو سوودی هەیە، یەکێکیان بۆ هەڵواسینی لیفك لەو کاتەی تەڕ دەبێ، سوودی دووەمیش بۆ گرتنیەتی لە کاتی خۆشووشتن، لیفك کەرەستەیەکی هەندێك دڕە و کورد بەکاریدەهێنێ بۆ خۆشووشتن، کە سوودی لەناوبردنی پیسی لەسەر پێست و فایرۆس و بەکتیریا دەکوژێ، تەنانەت هەندێك دڕە، بەڵام سوودێکی گەورەشی هەیە.





# زین و کـــــــــورتان

زین یەکێکە لەو کەرەســـتانەی کە کورد لە کۆندا ســـوودی لێ بینیوە بۆ زین کردنی ئەســـپ، کە پێش بەکارهێنان و ســـواربوونی ئەســـپ دەکرێت بۆ باشتر وتوندوتۆڵکردن و باشتر سوود لێوەرگرتنی، ئەوەی شایەنی باسە کورتان هەیە، کورتانیش بۆ ئەســـپ و گوێدرێژ جیاوازی هەیە، چونکە شـــێوەی گەورە و بچووکیان هەیە، زین و کورتان لەو چەند بەشە پێکهاتوون : سەرکەلە (قەوس و قەڕاسە — بن زگ- لغاو-رکێپ)، کە ئەوەیە سوارچاك پێ لەسەر دادەنێ، لە زین و کورتاندا داوێك لەســـەرەوە هەیە کە سوارچاك بە دەست دەیگرێ بۆ دەست نیشانکردنی ئاراستەی ڕۆیشـــتنی ئەسپەکە، کە بە راکێشانی لایەکی ئەو داوە ئەســـپەکە بۆ لایەك دەســـوڕێتەوە، زین کردن سەرەتاییە و زیاتر بۆ بار گواســـتەوە بەکاردێت، بەڵام زین کورتانێکـــی تایبەتمەندە بە پارچە قوماشـــێکی نەرم و جوان لەسەر پشتی ئەســـپەکە یان مایینەکە دادەنرێت، لە پاشـــان هەندێ قایش لە ئەســـپەکە دەبەسترێت بە مەبەستی راگرتنی ئەسپ ســـوارەکە بەشێوەیەك لە سەرەوە تا خـــوارەوە کە پێـــی دەڵێن بنزگ یەکێکیتریش لـــە دەمیەوە بۆ دواوە کە پێدەگوترێ: لغاو کاتێك ئەسپەکە دەیەوێت بە خێرایی یان بۆ ئەوەی بڵندی بکات، بەکاردێت، هەموو ئەم قایشـــانەش بۆ ڕاگرتنی ڕێپەکە ســـوراچاکەکە پێی لەســـەر دادەنێت و پێی دەوەســـتێت، زین زیاتر بۆ سواربوونی ئەســـپ و ڕۆیشتن و بازدان بەکاردێ، هەروەهـــا کورتانیش بۆ کاری راکێشـــانی عەرەبانە و ئاو هێنانـــە دەرەوە لەناو بیر و کاری تایبەت بەکاردەهێنرێ، زین و کورتان بۆ هەر یەکە لە مایین و ئەسپ و گوێدرێژ دادەنرێ، کە بە هەر سێکیان دەگوترێ رەشەوڵاغ.



# پێشبڕکێی پاژنە بەرزی ئافرەتان

هەندێك پێشبڕکێی خۆش و سەیر تەنیا بۆ پێکەنین و جێگەی دڵخۆشـــیی ئامادەبووان ئەنجام دەدرێن، لە جیهاندا دوو پێشبڕکێی سەیر هەن، کە هەردووکیان بۆ خۆشین، یەکێکیان : پێشبڕکێی گا سەرشێتەکانە، کە بە نێو خەڵکدا وەردەبێ و هەر یەکە خۆی دەرباز دەکا، ئەوەی دیکەش پێشـــبڕکێی پاژنە بەرزی ئافرەتانە، لە شاری مۆســـکۆی پایتەختی رووسیا ساڵانە ئەو پێشـــبڕکێیە ئەنجام دەدرێ و کـــە نزیکەی (١٥٠) ئافرەت بەشـــداری تێدا دەکەن، هەر یەکە پێڵاوێکی پاژنـــە بەرز لە پێ دەکات و دەبێ بۆ ماوەی (٥٠) مەتـــر ڕابکات، مەرجێکی ســـەرەکییە کە درێژی پاژنـــەکان نابێ لە (٩) ســـەنتیمەترەوە کەمتر بێ، خەڵاتەکەش بریتی بوو لە (٢٥٠٠)یۆرۆ، لە دوای خۆشـــحاڵی و چەندین دیمەنـــی کەوتن و پێکەنین یەکێـــك لە بەشـــداربووان بـــە نـــاوی (پیترۆڤیا) خەڵاتەکەی بە دەست هێنا.






# شاجوانی کەڕو لاڵ

خاوەن پێداویستە تایبەتییەکان وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی مافی ژیانیان هەیە، هەر یەکە ئەگەرچی لەلایەنێکی جەســـتە یان بەشێکی جەستەی نییە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بـــۆی قەرەبوو کراوەتەوە، ئەوانەی نابینن، هەستی بیستنیان زۆر بەهێز دەبێ، ئەوانەی نابیســـتن، چاو و جەستەیان جوان دەبێ، ئەمەش ناونیشانی ئەو پێشبڕکێیە بوو کە لە وڵاتی چیك ئەنجام درا، پێشبڕکێیەکە بۆ ئەو کچانە بوو کە کەڕو لاڵن،بە بەشـــداری نزیکەی (٣٤) کچە کەڕو لاڵـــی ئەوروپا، لە کۆتاییدا کچێکی ئەڵمانـــی بە ناوی (کارین کیتر) نازناوی شاجوانی جیهانی بەدەست هێنا بۆ کەڕ ولاڵان، ئەو پێشـــبڕکێیەش وەك ڕێزلینانێـــك لـــەو کچە شۆخ و شەنگانەیە کە ناتوانن قســـە بکەن و ببیستن، کە ئەوانیش وەك شـــاجوان دیـــار بـــن و مافییان هەبێ وەك شـــاجوان خۆیـــان هەڵبژێرن.



# هەندێک لە وتەکانی چارلی چاپلن



**چارلی چاپلن دەڵێت:**
دوای چەند ساڵ هەژاری و نەداری،بوومە خاوەنی ماڵی دنیا و ناو و ناوبانگ و لە دوایین ساڵەکانی ژیاندا فێر بووم:
بە پارە دەتوانی ماڵ بکڕیت، بەڵام ئارامی نا...
دەتوانیت جێگە و بانی خەو بکڕیت، بەڵام ناتوانی خەو بکڕی!
دەتوانی کاتژمێر بکڕیت، بەڵام کات نا!
دەتوانی پلە و پایە بکڕی، بەڵام ڕێز و پێزانینت بۆ ناکڕدرێت!
دەکرێ کتێب بکڕیت، بەڵام زانست ناکڕدرێت!
دەتوانین دەوا و دەرمان بکڕین، بەڵام ناتوانی لەش ساغی بکڕین!
ڕەنگە مرۆڤ بکڕدرێت، کەچی دڵی مرۆڤ نا!!
بەداخەوە زۆر درەنگ ئەوەم زانی!

## یاری پیت ڕیزکردن


هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی ئافرەتێکی گۆرانیبێژی کوردت بۆ دەربچێ .

ا ش ی ا ش ێ ن


وەڵامی ژمارەی پێشوو : **پێنجوێن**




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
بزانە کە ئەمڕۆ بایەخ وەك دوێنێ نییەو زۆر زەحمەتە لەگەڵیدا بگونجێیت، بەڵام ڕەنگە بەناچاری هەندێك شتی گرنگ فەرامۆش بکەیت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
گوێ لەهەندێك ئامۆژگاری مەگرە کە چەند کەسێك دەیانەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەخشتەت بەرن، متمانەت بەخۆت بەهێزتر بیت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
بەهەندێك کاروباری داراییەوە خەریك دەبیت و لەگەڵ کەسە نزیکەکانت لەم بارەیەوە دەکۆڵنەوە، بیریشت هەر لای گەشتێکی خۆش دەبێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
سەرنجراکێشیت و قەشەنگیت ڕۆڵێکی باش دەگێڕێت بۆئەوەی کەسانێك لێت نزیك ببنەوە یاخود لەسەرکەوتن و بەدیهێنانی هیواکانت نزیك ببیتەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بەزەحمەت بەسەرتدا تێپەڕ دەبن، یاخود کاروبارەکانت بەسەریەکدا کەڵەکە دەبن و تووشی بێزاری و نائومێدیت دەکەن.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
یەکێك لەکەسە نزیکەکانت پێشنیارێکی چاکت بۆ دەکات و سوودێکی باشی لێوەردەگریت، ئەمڕۆ ئیش و کارەکانت زۆر دەبن هاوڕێکانیشت هاوکاریت دەکەن.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**شیواشۆك**) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

☐ ☐ ☐ ☐ ☐ ☐

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە دووانەیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی وشك)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (دوو پێنج کۆ بکەیتەوە چەند دەردەچێ)
- پیتی خانەکانی (٦+٥+٣+٤)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی چەپ)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

پەنا دەبەیتە بەر توانست و هێزی خۆت و بەئەنجامی باشیش دەگەیت، بەڵام نەکەی بەگوێی هەندێك کەس بکەیت وبەلاڕێتدا ببەن.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ڕۆژێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بیر لەبەرنامەیەك بکەیتەوە بۆ باشتر کردنی باری داراییت، یاخود گەشتێك دەکەیت و کامەران دەبیت.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەمڕۆ کەسێك کە دەمێکە ململانێت لەگەڵدا دەکات تووشی سەر ئێشەت دەکات، پەرێشان دەبیت، بۆیە پەنا وەبەر دولبەرەکەت دەبەیت و داوای هاوکاری لێ دەکەیت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەمڕۆ لەزۆربەی بوارەکانەوە سەرکەوتن بەدەست دێنیت و دڵخۆش دەبیت، لەوانەیشە دەستکەوتی ماددیی چاکت بێتە دەست.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەوڵ دەدەیت لەگەڵ دولبەرەکەت بگەیتە لێکگەیشتن و ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن، بێگومان ئەگەر لە کۆششکردنت بەردەوام بیت سەردەکەویت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئارەزوو و نهێنیەکانت بەرەو پەیوەندییەکی سۆزداریت دەبەن، یان بەهۆی سەرنجڕاکێشیت و ورووژێنەری سەرو سیمات لەبواری ئەڤینداریەوە دڵخۆش دەبیت.

## نوکتە



- جارێك کوڕێك بەباوکی دەڵێت بابە فێری معامەلەم بکە باوکیشی دەڵێت: کوڕم ئەگەر ویستت شت بکڕیت نیوەی نرخەکەی بڵێ ئەویش دەڵێت باشە. ڕۆژێك دەچێتە بازاڕ معامەلەی پێڵاو دەکات کابرا دەڵێت ئەوە بە٥٠ هەزار دینارە. کوڕەکەش دەڵێت بە ٢٥هەزار دینار نابێت؟ کابرا دەلێت بە ٤٠هەزار دینار بیبە، کوڕەکە دەڵێت بە ٢٠هەزار دینار نابێت؟ کابرای دوکاندار دەڵێت بە ٣٠هەزار دینار بیبە.. کوڕەکە دەڵێت بە ١٥هەزار دینار نابێت؟
کابرای دوکاندار توڕە دەبێت و دەڵێت دیارە ئەوە گاڵتەم پێ دەکات، دەڵێ بڕۆ کوڕە با ٢ شەقت لێ نەدەم. کوڕەکەش دەڵێت ئەی ١ شەق نابێ!

## جیاوازی وێنە!


بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە






## شیکاری بیرکردنەوە

لەو وێنەیەدا دوو شێوە هەن، کە هێڵێکە و هەردوو سەری بە دوو بازنەوە بەستراوەتەوە، یەکێکیان لە دەرەوە، ئەوەی دیکەش لە ژوورەوە، هەوڵبدە بزانە ئەو هێڵەی ناوەڕاستی هەردوو شێوەکە وەکو یەکن یان یەکێکیان لەوەی دیکە درێژترە، بە شیکاری ئەندازەیی هەمان درێژییان هەیە، بەڵام لە چاودا جیاوازە.



## دیوانە شیعر



**عەونی شاعیر دەڵێ :**

**بەوێنەی وردە خاڵی ڕووتە شێوەی ئاسمان ئیمشەو**
**تەرازووی تاڵعم هەڵهات و ڕێگای کاکەشانی گرت**
**پەپولەی ئارەزووم وەك نیشتە سەر خونچەی دەم و لێوت**
**خدر ئاسا بەبێ ئەرك چاوەیی ئاوی ژیانی گرت**
**بەشێوەی ڕەنگی زەردی من بوو عەکسی کرد لە رووخسارت**
**بەهاری شادمانی زوو بەزوو شێوەی خەزانی گرت**
**لەگەڵ (عەونی) لەکۆڕی بەزمتان مەیلی نەبوو ساقی**
**بەناچاری پەنای برد دامەنی پیری موغانی گرت !!**

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك